**وەزارتی ناوخۆ**

**ژمارە : ٤٦٠٤ لە ٢٠١٧/٣/١٣**

**بەیانی ژمارە (٤) ساڵی ٢٠١٧**

**فراوانکردنی گوندی ئەلاّیی خواروو**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوەخۆی ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٠٩ وە ڕێنمایی فراوانکردن و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ وە ئاماژە بە نوسراوەکانی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٢٥٨ لە ٢٠١٦/١/٩) و (١٣٢١ لە ٢٠١٧/٢/٢٨)، بریارماندا بە:-**

- **پەسەندکردنی فراوانکردنی حەرەمی نوێی گوندی (ئەلاّیی خواروو) سەر بە ناحیەی بازیان لە پارێزگای سلێمانی و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی کادسترۆ بەرووبەری(٥) دۆنم لە سەر پارچە زەوی ژمارە (٧/٣) لە کەرتی ٤/الهی وەك لە نەخشەی هاوپێچی نوسراوی سەرەوەدا هاتووە و بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .**
- **ئەم بەیانە کاری پی دەکرێت لە رۆژی بلاّوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).**

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوەخۆ**

---

**دەستەی وەبەرهێنان**

**ژمارە ٦٠١ لە ٢٠١٧/٣/٧**

**بـەیـان**

**پاڵپشت بە فەرمارنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٢٢) لە (٢٠١٦/٢/٢٨) تایبەت بە تەرشیقکردنی پەیکەری ڕێکخستنی وەزارەتەکان ، وە بە پێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە بڕیارماندا بە :-**

**١- بچووکردنەوەی پەیکەری ڕێکخستنی ( فەرمانگەی شار و ناوچە پیشەسازیەکان) لە دەستەکەمان.**

**٢- هەڵوەشاندنەوە و یەکخستنی ( بەرێوەبەرایەتی شاری پیشەسازی ) و ( بەرێوەبەرایەتی ناوچەی پیشەسازی) بۆ یەك بەرێوەبەرایەتی لە ژێر ناوی (بەرێوەبەرایەتی شار و ناوچە پیشەسازیەکان) لە فەرمانگەی شار و ناوچە پیشەسازیەکان.**

**٣- گۆڕینی ناوی (بەرێوەبەرایەتی پەرەپێدان) بۆ (بەرێوەبەرایەتی پەرەپێدان و بەدواداچوونی پرۆژە پیشەسازیەکان ) لە فەرمانگەی شار و ناوچە پیشەسازیەکان .**

**٤- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجی دەکرێت.**

**د. نوری عثمان عبدالرحمن**
**سـەرۆکی دەستە بەوەکالەت**